



# بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە



✿ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١١/١٥ وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی کوردستان فیستیڤاڵێکی لە هۆڵی میدیا سازکرد ئامانج لەم فیستیڤاڵە ناساندنی کەلتووری ناوچەی هەورامان بوو.

سەرەتا وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەلایەن بەڕێز سامی شۆڕش وەزیری ڕۆشنبیرییەوە خوێندرایەوە، بەڕێزیان لە وتارەکەدا بە بایەخەوە باسی دەڤەری هەورامانی کرد لە ڕابردوو ئێستادا و بە ئەرکی وەزارەتی زانی زیاتر گرنگی بە کلتوور و فەرهەنگی ئەو دەڤەرە بدرێت. لە دانیشتنی سەر لە بەیانیدا دوو بابەت لەلایەن بەڕێزان حەکیم مەلا ساڵح و حەمە کەریم هەورامییەوە پێشکەش کران و لە دانیشتنی ئێوارەدا بە ئامادەبوونی بەڕێز بارزانی مەلا خالید بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری لە کۆشکی هونەر دانیشتنی دووەم دەستی پێکرد. بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە چۆنییەتی ئەو میهرەجانە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com



سەرەتا ئەیوب ڕۆستەم- سەرنووسەری گۆڤاری هەورامان لە بارەی ئەم فیستیڤاڵەوە گوتی:


دیارە هەورامان وەک ماڵی مێژوو، هەورامیش وەک شێوەزمان گرنگی بەرچاویان لە مێژوو کلتووری گەلەکەماندا هەیە، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین هەموو جوانییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ناوچەی هەوراماندا خۆی بەرجەستە دەکات.

لە ڕووی مێژووییەوە ئەگەر بنۆڕین دەبینین یەکێک لە کۆنترین بێشکەکانی ژیان، لە سێ هەزارەی پێش زایندا لۆلۆکان ژیاون و یەکێک لەو شارانەی کە تا ئێستا ماوەتەوە شاری بیارەیە کە لە ڕابردوودا پێیان گوتوە (بیر) کە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن کە شاری (بیر) یەکێکە لە شارەکانی مەملەکەتی زاموا و سێ هەزار ساڵ پێش زایین، ئەمە وێرای سەدان ئاسەواری مێژوویی کۆن.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەی هەورامان زمانی ئاخاوتنی خەڵکەکەیەتی کە ڕەگی ئەم زمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان و زەردەشتییەکان و زمانی ئاوێستا بووە بۆیە پیرۆزی ئایینی گرنگی و ڕۆڵی هەبووە لە مانەوە و گەشەسەندنی ئەم زمانە هەر بۆیە بایەخدان بەم ناوچەیە ئەرکی دەسەڵاتدارانە لە کوردستاندا ئاوڕ لەم سەرچاوە دەوڵەمەندە بدەنەوە و خەڵکی تری لێ ئاشنا بکەن.

ئەم فیستیڤاڵە هەنگاوێکی زۆر باشە و سوپاسی ئامادەکەر و هەڵسوڕێنەرانی دەکەم و ئومێد دەکەم ئەمە دەستپێک بێت بۆ ئەوەی کاری باشتری بە دوادابێت.

بەڕێز دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی لە بارەی یادەکەوە گوتی:



بە داخەوە من چەند کاتێکی کەم پێش ئەم فیستیڤاڵە من زانیم شتێکی لەو جۆرە هەیە، نازانم بۆ ڕیکلامی بۆ نەکرا، کەسانی پسپۆڕ لە زانکۆکان داوەت نەکران؟ ئەوەی من دەیبینم کەسانی شارەزای ئەو بوارە لە لیژنەی ئەو یادەدا نەدەبینران، لە کاتێکدا کەسی بەتوانای ئەو بوارە لەم شارەدا زۆرن.

ئەگەر بەشبەحاڵی خۆم ئاگادار بکرامایە بابەتی باشم لەلا هەبوو، ئامادەی بکەم، لە کاتێکدا لە نێو بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتی جاراندا زۆر بەڵگەنامە و دیکۆمێنت هەبوون لەسەر هەورامان ئەوانەی لە ڕاپۆرتی کونسوڵەکانی سۆڤییەتدا هاتووە.

لە هەمان کاتدا هەنگاوی لەم جۆرە جێگەی ڕێزن، بەڵام مایەی نیگەرانییە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو ئیدارە ئەوەندە گرنگی بەو ناوچەیە نادەن لە کاتێکدا لە دەرەوەی کوردستان کەناڵێکی کوردی هەفتانە ٢ کاتژمێر بەرنامەی هەورامی هەیە کەچی لێرە بەدەیان ڕۆشنبیری بەتوانای خاوەن قەڵەمی هەورامی لە هەولێر و سلێمانی هەن، بەڵام دەرفەتی ئەوەیان نییە گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک بە زمانی هەورامی بلاوبکەنەوە یان سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستییان هەبێت لەسەر ناوچەکەیان.

دووبارە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەموو لایەک دەکەم.



* مامۆستا حەمە کەریم هەورامیش گوتی:

ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە کارێکی باشن، چونکە هەورامان لە دێر زەمانەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هزر و پێشکەوتن بووە، بۆیە دەکرێت سەدان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی گرنگی ئەم ناوچەیە لەبیر نەکرێت.

ئەوەمان لەبیر نەچێت ڕەگەکانی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شعر بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەزارەکە تێکستی شعری هەیە مێژووەکەی زیاتر لە ١٠٠٠ هەزار ساڵە.

ئیتالییەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە یەکەمجار (چەتاڵ)یان بەکارهێناوە، کەچی هەورامییەکان ٥٠٠ ساڵ بەر لە ئیسلام (کەوچک)یان بەکارهێناوە بۆ خواردن..ئاوڕدانەوە لەم لایەنانەی ژیان لە هەوراماندا کەلتوور و ڕۆشنبیری کورد دەوڵەمەند دەکات.

لە دانیشتنی دووەمی فیستیڤاڵەکەدا لە هۆڵی کۆشکی هونەر سەرەتا بە باسێکی مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم دەستی پێکرد لێکۆڵەر لە بابەتەکەیدا هەندێک لایەنی گرنگی ناوچەی هەورامانی ورووژاند و لەمیانی باسەکەیدا هەڵەیەکی مامۆستا عەلادین سوجادی ڕاستکردەوە لەمەڕ ناوچەی هەورامان.

پاشان مەراسیمی ڕێزنان لە هونەرمەندی گەورەی ناوچەی هەورامان و مامۆستای سیاچەمانەی هەورامی (عوسمان کەینەیی) بەڕێوەچوو.

مەراسیمی ڕێزلێنانەکە مایەی دڵخۆشی و خودان مەغزای تایبەت



بوو، چونکە عوسمان کەیمنەیی بە پێشەنگەکانی گۆرانی و مۆسیقای ناوچەی هەورامان ئەمەو خەڵاتەکە لەلایەن بەڕێز بارزان مەلا خالید بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی کوردستانەوە پێشکەش کراو پاشان چەندین گۆرانی ڕەسەنی ناوچەی هەورامان لەلایەن هونەرمەندان فەتحوڵڵای ئەمینی و سەباح هەورامییەوە پێشکەش کران.

## سەرەتا بەڕێز بارزانی مەلا خالید بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری گوتی:

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەمە فیستیڤاڵ نییە بگرە کۆڕێکی تایبەتە سەبارەت بە هەورامان و ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ شارەزابوون بە کەلتووری هەورامییەکان، ئەو بابەتەی مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم بابەتێکی بە نرخ بوو کە بەداخەوە ئێمە لەو بابەتانە نامۆین.



هەق وایە ئێمە وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی زیاتر بەو بەشە گرنگەی مێژووی کورد بدەین، چونکە ئەگەر کوردی ڕەسەن مابێت لە هەوراماندان، هەر بۆیە بایەخدان بە کەلتووری هەورامان بایەخدانە بە کەلتووری نەتەوەکەمان و ئەمە هەنگاوی سەرەتایە بۆ ئەوەی شتی باشتری بەدوادابێت.



## هونەرمەند فەتحوڵڵای ئەمینی گوتی:

«ڕێزنان لە هونەرمەندێکی گەورەی وەک عوسمان کەیمنەیی لە پایتەختی کوردستاندا هەنگاوێکی یەکجار مەزنە و مایەی دڵخۆشییە و ئەم ڕێزنانە بە واتای ڕێزنان لە کەلتوور و هونەر و ڕۆشنبیری ناوچەیەکی بەرفراوان و دێرین لە کوردستاندا کە ئەویش ناوچەی هەورامانە.

## دواجار هونەرمەند عوسمان کەیمنەی لەمەڕ خەڵاتکردنی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە گوتی:



ئەمرۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی مندا سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم، سوپاسی ئەوانە دەکەم کە لەم مەراسیمەدا بەشدار و ماندوو بوون.

بە درێژایی زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە کاری هونەریدا و بەرهەمی زیاتر لە ١١٥٠ کاسێت و بە سەدان گۆرانی و ئاوازی تایبەت بەخۆم هەبووە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوەڕێی شتی لەم جۆرەم نەکردووە، دووبارە سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی کوردستان دەکەم.

**ماوەتەوە بڵێین مامۆستا عوسمان کەیمنەیی بە یەکێک لە سێکوچکەکانی سیاچەمانەی ناوچەی هەورامان دەژمێردرێت لەگەڵ هونەرمەندان حەمە حسەین کەیمنەیی و جەمیل نەوسودیدا.**

**عوسمان هەورامی لە ژیانی هونەری خۆیدا زیاتر لە سەدان گۆرانی تایبەتی بەخۆی هەبووە و ئەوەندەی کۆکراوەتەوە ١١٥٠ کاسێتی هەیە.**

**دەنگی عوسمان کەیمنەیی یەکێکە لەو دەنگە ئەفسانەییانەی کە لە کاتی گۆرانی چڕیندا مرۆڤ سەرسام دەکات و بووەتە قوتابخانەیەک و بەدەیان هونەرمەندی پێگەیاندووە.**

**لێ مخابن لە سەرەتای نەوەدەکاندا لەلایەن هەندێک کەسی نەفەس نزمەوە ژەهرخوارد دەکرێت و لەو کاتەوە ژێی دەنگی تێکچووە و توانای چڕینی گۆرانی نەماوە و ئەمەش حاڵەتێکی دەروونی بۆ مامۆستای سیاچەمانەی دەڤەری هەورامان عوسمان کەیمنەیی دروست کردووە بەتایبەت لەو ساتەوەختانەی کە باسی گۆرانی لەگەڵدا دەکرێت بەڵام دەکرێت بگوترێت بەم ڕێزلێنانە زۆر برینی سارێژ دەبێت وەک خۆی گوتی.**